# سەردانی فوئاد حسێن بۆ تاران، لە سێبەری ئەمن و هەڵبژاردن دا

03-02-2021

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق بە سەردانێکی چاوەڕوانەکراو چووە تاران. لەماوەی نزیکەی 4 مانگی رابردووشدا، ئەمە دووەمین سەردانی وەزیری دەرەوەیە بۆ ئێران. کۆتاییەکانی مانگی9ی ئەمساڵ، دوای بڵاوبوونەوەی ئەگەری داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بەهۆی هێرشی گرووپە چەکدارەکان،

**بەرایی**

فوئاد حسێن وەزیری دەرەوەی عێراق بە سەردانێکی چاوەڕوانەکراو چووە تاران. لەماوەی نزیکەی 4 مانگی رابردووشدا، ئەمە دووەمین سەردانی وەزیری دەرەوەیە بۆ ئێران. کۆتاییەکانی مانگی9ی ئەمساڵ، دوای بڵاوبوونەوەی ئەگەری داخستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بەهۆی هێرشی گرووپە چەکدارەکان، فوئاد حسێن چووبووە تاران. کاتی سەردانەکەی ئەمجارەیشی سەرنجڕاکێشە چوونکە:

یەکەم- تەنها چەند رۆژ دوای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نێوان وەزیری دەرەوەی عێراق و هاوتا ئەمریکییەکەی دێت.

دووەم- دوای سەردانە جەنجاڵییەکەی جنین هاس پلاسخارت بۆ ئێران دێت کە گوتی بۆ پاڵپشتی لە سەقامگیری عێراق کردوومە.

سێیەم- ئەم سەردانە دوای ئەوە دێت کە ئێران لە هەڵوێستی بێلایەنیی عێراق، لەبارەی پێشنیاری ئەمریکا لە دانوستاندنەکانی بودجەی 2021ی نەتەوەیەکگرتووەکان لە سەرەتای ئەمساڵ، بۆ زیادکردنی 2 ماددەی تایبەت بە زیندووکردنەوەی کۆمیتەی سزاکانی ئێران، قەڵسن و هەندێك لە شرۆڤەکارانی نزیکی دەوڵەتیش، لەوەدا فوئاد حسێن بەخەتابار دەزانن.[1]

**هۆکارەکانی سەردانەکەی فۆئاد حسێن**

لە دوای دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێی ئەمریکاوە تا ئێستا بێجگە لە چەند هێرشیکی کەم، هێرشی گەورەی وا بۆ سەر نێردە دیپلۆماتییەکان و کاروانی لۆجستی هاوپەیمانان رووینەداوە. هەڵبەت هێشتا روون نییە کە دوای لێدوانی بەرپرسانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە رێککەوتنەوەی ئەتۆمی لەگەڵ تاران، جموجۆڵی گرووپە چەکدارەکان زیاتر دەبنەوە یان نا. بەڵام وردبوونەوە لە هێرشەکان بەروونی دەریدەخات کە پەیوەندییەکی راستەوانە لەنێوان زیادبوونی گرژییەکانی ئەمریکا و ئێران لەگەڵ هێرشەکاندا هەیە. بەو واتایەی کە هەروەختێ گرژی ئەو دووانە زیادبووبێت، ژمارەی هێرشەکانیش لە عێراق زیادیان کردووە.

سەردانەکەی فوئاد حسێن بۆ تاران دوای ئەوە دێت کە نزیکەی هەفتەیەك بەرلە ئێستا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئانتۆنی بلینکن، هاوتا ئەمریکییەی کردووە و تێیدا باسیان لە چوار بابەتی دیالۆگی ستراتیژی، شەڕی دژی تیرۆر، سەقامگیری ناوچەیی و ئابووری عێراق کردووە.[2] لەو چوار بابەتەش لانیکەم سیانیان پەیوەندی راستەوانەی بە ئێرانەوە هەیە. بەرلە هەمووشتێك، ئێرانیش دەیەوێ هاوشێوەی ئەمریکا دیالۆگی ستراتیژی لەگەڵ عێراق هەبێت و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و نفووزی ئەو وڵاتە لە عێراق، بەشێوەی درێژخایەن بە زیانی خۆی دەزانێت. ئەمریکا و عێراقیش رێککەوتوون "بەمزووانە" درێژە بە دیالۆگی ستراتیژی خۆیان بدەن. روانگەی ئەمریکی و ئێرانی سەبارەت بە سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و رۆڵی عێراقیش دژی یەکن. یارمەتیدانی ئابووری عێراقیش دەتوانێت لای ئیرانییەکان وەك هەڕەشە لێکبدرێتەوە. بە تایبەتی سەربەخۆیی بەغدا لە وزەی ئێران وەك کارەبا و غاز، بابەتێکە کە واشنتن گەلێکجار دووپاتی کردۆتەوە و ئەگەر ئەوەش رووبدات، کارتەکانی دەستی ئێران لە عێراق لاوازتر دەبن. لە هەمانکاتدا، ئەمریکاو عێراقیش لەوە ئاگادارن کە لەوانەیە هەرجۆرە رێککەوتنێکی نێوانیان، لانیکەم بەبێ رەچاوکردنی بەشێك لە خواستەکانی ئێران، گرفتی بۆ درووست بێت. بۆیە لەوانەیە ئەم سەردانەی فوئاد حسێنیش لەو ئاراستەیدا بێت. جا چی بە گەیاندنی پەیامێکی ئەمریکی یان بۆ لەبەرچاوگرتنی خواستی ئێران بێت.

سەردانەکەی فوئاد حسێن دوای ئەوەش دێت کە جنین پلاسخارت چەند رۆژ بەرلە ئیستا لە تاران بوو. عەلی ئەکبەر ویلایەتی راوێژکاری رابەری ئێران گوتوویەتی ئێمە نامانەوێت وڵاتانی دەرەوە دەست لە کاروباری ناوخۆیی عێراق وەربدەن و ئامادەیی وڵاتەکەیشی بۆ "هەرجۆرە هاوکارییەك" بۆ عێراق راگەیاندووە[3] و لەسەر هەڵبژاردنیش لەگەڵ پلاسخارت قسەیان کردووە. یۆنامیش رایگەیاندووە کە سەردانەکەی پلاسخارت، لە چوارچێوەی بڕیاری 2522ی ساڵی 2020ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بۆ پشتگیریکردن لە سەقامگیریی عێراق بووە.[4] ئەوەش گەلێك بابەتی جیاجیا، لە ئاسایشەوە بگرە هەتا وزە و دیالۆگی ناوچەیی و.... لە خۆ دەگرێت.

بە ئەگەری زۆرئەو "پاڵپشتییەکەی" کە پلاسخارت بۆ سەقامگیری عێراق لە تاران بە دوایدا گەڕاوە، پەیوەندییەکی زۆری بە شەڕی داعشەوە نییە. چوونکە هێزی یەکلاکەرەوە لە شەڕی دژی داعشدا هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەو دوای تەقینەوەکانی ئەمدواییەی بەغداش، ژمارەی هێرشی هاوپەیمانان و ئۆپەراسیۆنەکانی عیراق بۆسەر داعش زیادیان کردووە. بەدەر لە داعش، ئەوەی سەقامگیری عێراق

تێکدەدات، ئەگەری زیادبوونەوەی هێرشی گرووپە چەکدارەکان بۆ سەر نێردە دیپلۆماتییەکان وکاروانی لۆجستی هاوپەیمانان، بەڕێوە نەچوونی هەڵبژاردن و سەرپێچیی هەندێك لە گرووپە چەکدارییەکان لە دەسەڵاتی دەوڵەتە. نهێنییەکی ئاشکرایشە کە ئەو "کۆمەك و هاوکارییە"ش کە ئەگەر ئێران بیەوێت بە عێراقی بکات، زیاترلەو بوارانەدایە.

پلاسخارت لە گەرمەی هێرشەکانی لە ئۆکتۆبەری ساڵی رابردووشدا، لەگەڵ عەبدولعەزیز ئەلمحەمەداوی- ابوفدك، کۆبوونەوەی کردو دوای ئەوەش، خاوبوونەوەیەك لە هێرشی گرووپە چەکدارەکاندا درووست ببوو.

لەبارەی هەڵبژاردن، ئەوەی لە وتەکانی ویلایەتی دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە رەنگە ئێران بە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری چاودێرانی بیانی بۆ هەڵبژاردن نارازی بێت کە وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە تەمایە بانگهێشتیان بکات. رۆژنامەی کەیهانی ئێرانی، پاساوێکی بۆ ئەوە باسکردووە کە "رەنگە چاودێرانی بیانیی هەڵبژاردن بێلایەن نەبن."[5] ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەو گرووپانەی کە بە نزیك لە ئێران هەژمار دەکرێن، لەسەر کاتی هەڵبژاردنیش نارازین و، زیاتر حەزیان لە هەڵبژاردن لە وادەی یاسایی خۆیە.

**ئەنجام**

دەشێ سەردانەکەی فوئاد حسێن بۆ تاران، رەهەندێکی بەهێزی دەرەکی و نێو خۆیی هەبێت. پەیوەندی ئەمریکا و عێراق لەلایەك و پەیوەندیی عێراق و ئێرانیش لەلایەکی دیکە، بابەتی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەگەڵ ئەگەری زیادبوونەوەی هێرشی گرووپە چەکدارەکان، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە ئێرانییەکان خەریکە بێهیوا دەبن لەوەی کە ئیدارەی بایدن بە پەلە بگەڕێتەوە ناو رێککەوتنی ئەتۆمی 5+1، مژاری گرنگن.

دوابەدوای تەقینەوەکانی تەیرانی بەغدا، سەرۆکوەزیران زنجیرەیەك گۆڕانکاریی گرنگی لە پۆستە ئەمنییەکاندا کرد و  وەزارەتی دەرەوەی عێراقیش رایگەیاندووە کە ئەوان ژمارەیەکی زۆری چاودێری بیانی بانگهێشت دەکەن تا ئاگایان لە هەڵبژاردن بێت. ئەگەر ئەمنی هەڵبژاردن هەبێت بە باشی چاودێری بکرێت و پێچەوانەی هەڵبژاردنەکەی رابردووش، خەڵکێکی زۆر بەشداری بکەن، ئەگەر زۆرە کە نەخشەی سیاسی لە عێراق بگۆڕێت. لەوانەیە ئەمەش ئەو گۆڕانە بێت کە ئێران لێی نیگەران بێ و بیەوێت لە پشتەوە دانووستاندنی لەسەر بکات!

[1] ـ http://www.irdiplomacy.ir/fa/news/1998686/ سایتی دیپلۆماسیی ئێرانی هی سادقی خەرازی برازای کەمال خەرازی وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێرانە و سەید عەلی موسەوی خالی سەرنووسەریەتی.  خوشکی سادقی خەرازی، هاوسەری مەسعود خامنەیی کوڕی رابەری ئێرانە و خودی خەرازیش، راوێژکاری وەزیری دەرەوەی ئێرانە.

[2] -https://www.mofa.gov.iq/2021/01/?p=20800

[3] -https://velayati.ir/fa/news/2734/

[4] -
https://www.uniraq.org/index.php?option=com_k2&view=item&id=13719:un-special-representative-visits-tehran-to-support-stability-in-iraq&Itemid=605&lang=en

[5] ـ http://kayhan.ir/fa/issue/2063/12